## هونەرمەند گولیٚ:

# هونەری کوردی کاریگەریی گەلانی دەوروبەری بەسەرەوەیە

سازدانی: هەژار زەنگنە



**زۆرێك لەهونەرمەندانی کورد و بەتایبەتیش هونەرمەندانی باکووری کوردستان لە ئەورووپا ژیان بەسەردەبن و خزمەت بەهونەری کوردی دەگەیەنن، هونەرمەند گولێش یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لەساڵی ١٩٩٤ـەوە لە ئەورووپا دەژییێت و خزمەتی هونەری کوردی دەکات، ناوبراو توانیویەتی بەدەنگە خۆشەکەی خۆی جێگەی خۆی لەناو دڵی جەماوەر بکاتەوە، بۆیە بۆ زانینی دوایین زانیاری و چالاکییەکانی دەربارەی هونەرمەند گولیٚ ئێمە وەکو گۆڤاری گوڵان پرسیارمان ئاراستەی کردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** ماوەیەکە بزریت، هۆکارەکەی چییە؟**

-بەر لە ماوەیەك من لەناو هەستێکی دایکایەتی دەژیام، هەستێك کە بە قەد موزیك خۆشە، بێگومان ئەو هەستە خۆشە و پیرۆزە، بەڵام ئەو هەستە خۆشەش لەگەڵ خۆی زەحمەتی و بەرپرسیاریەتی دیاریش دەهێنێت، من ناچار بووم لەبەر کوڕی خۆم (میران) ماوەیەك لەبەرنامەکان دوور بکەومەوە، بەڵام لەموزیك دوورنەکەوتوومەتەوە، من بەو لاواندنەوەی کە بۆمنداڵەکەم دەمگوت ڕێگای موزیکم بەردەوامی پێدەدات.

***گولی لەکویٚ لەدایکبووەو کەی دەستی بە گۆرانی وتن کردووە؟**

-من ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان لەسەرمایەکی بەسەهەندی وەرزی زستان لەقەزای خنوسی سەر بە شاری ئەرزەرۆم لەدایکبوومە، کاتێك من دەستم بەقسە کردن کردووە و ئەوکات دەستم بەکاری هونەری کردووە، چونکە ئەوەی دێتە بیرم هەرچی کەوتبا دەستم وەکو مایکرۆفون بەکارم

دەهێناو بەدەستێکیش دەستماڵم دەهەژاند.

*** بەبۆچوونی تۆ بۆئەوەی هونەرمەند پێشبکەوێ ( دەنگ - تێکست –موزیکی ) کامەیان گرنگترە بۆهونەرمەند؟**

- لە بنەڕەتدا هەمووی تەواوکەری یەکترن، ئەگەر ریزیان بکەم دەڵێم(دەنگ –موزیک - تێکست).

*** تائێستا کێ هاریکاریت دەکات لەبواری هونەری دا؟**

-کوڕی ئوندەر دینیز زۆر هاریکاری کردووم، تەمەنی لەمن بچووکترە و شارەزایی زۆری هەیە لەهونەر، لە تەمەنی منداڵیدا من زۆر حەزی موزیکم بە ئەو پارقە دەکرد. گۆرانیم پێ دەدا بۆ لەبەرکردن، ئێستاش ئەو وەك مامۆستای منە، جگە لە لەئوندەر لەماڵباتماندا خوشکی گەورەم میدیا و کاك عیرفان کەسکین هاریکارییان کردوومە، دوایی ئەوە من ژیانی هاوسەریم پێکهێنا ئەو هاریکارییانە لەلایەن هاوسەرەکەم بەردەوام بووە.

*** جگە لە تۆ لەناو ماڵباتەکەی ئێوە کەسی تر هەیە کاری هونەری ئەنجام بدات؟**

- بەڵێ، کوڕی برام ئوندەر دینیز و خوشکی گەورەم میدیا بەکاری هونەری خەریکن.

***خەون و ئاواتەکانت چین؟**

- لە دڵەوە هیوادارم و دەمەوێ هەموو شەڕەکان کۆتاییان پێ بێت.

*** لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەگەر ئافرەت بیەوێت دەست بەکاری هونەری بکات تووشی ئاستەنگ دێت، ئایا تۆش تووشی هیچ ئاستەنگێك هاتووی؟**

- نەخێر، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی سەرحەد بەستوریێ کە کۆمەڵگەیەکی داخراو و کۆنە پەرستە، ماڵباتی ئێمە رووناکبیر و پێشەنگ و خۆشبین بوون، ئەوەش بۆمن شانس بوو کە رێگەیان لێ نەگرتم و هەمیشە پشتگیریان لێ دەکردم. بۆیە دەبێت هونەرمەندی ژن هەمیشە هەوڵ بدات بۆ چاکسازیکردنی کۆمەڵگەی داخراو.

*** بەرای تۆ هونەرمەندی کورد دەتوانێت بێ پشتگیری لایەنێك خۆی پێش بخات؟**

- بەڵێ، ناتوانێت بەهونەرەکەی، بەڵکو دەتوانێت بەپشتگیری پارتێك یان لایەنێك خۆی بهێنێتە رۆژەڤەوە، بەڵام لەجیاتی ئەمە با هونەرەکەی خۆی پێش بخات پێشکەوتن زیاتر واتا و مانا دەدات، بەڵکو دەبێت هەر هونەرمەندێك خاوەن رامانێکی سیاسی بێت، بەڵام هونەرمەند راستەوخۆ خۆی زۆر تێکەڵ بەسیاسەت نەکات.

*** هونەری کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان لەچ ئاستێك دایە؟**

- لەو هەرێمانەی کورد لێی دەژین موزیك و زمانی کوردی، کاریگەری زمانی گەلانی تری پێوە دیارە، بۆ نموونە لە عێراق موزیکی عەرەبی کاریگەریی لەموزیکی کوردی کردووە، لەگەڵ ئەوەش لە ئێران کاریگەریی زمانی فارسی لەسەر موزیکی کوردی دیارە، دیسان لە تورکیاش کاریگەری زمانی تورکی هەروەها لەتورکیاش دەبینین کاریگەری زمان و موزیکی ئەورووپی لەسەر موزیکی تورکی هەیە، واتە کاریگەری موزیکی گەلانی دەوروبەری کورد کاریان لە موزیکی کورد کردووە.

موزیکی کوردی لەرێڕەوی خۆی دوورکەوتووەتەوە، لەبەر ئەوەی هەستێکی هونەری و پەروەردەیی موزیکی کوردی فلکلۆری بەشێوەیەك کە گرنگی پێ بدرێت کەمەو ئەوەی دەبینین بۆ لایەنی ئابووری گرنگی بەموزیکی کوردی دەدرێت.

*** چ هونەرمەندێك زۆر کاریگەری بەسەر تۆوە هەبووە؟**

-من زیاتر داغبارم بەهونەرمەندی وەکو(شڤان پەروەر و ونیزامەتین ئاریچ و هۆزان سەرهات و عایشە شان.

*** دواین پرۆژەی هونەریت چییە؟**

- ئەگەر دەرفەت هەبێ بیرم لە دروستکردنی ئەلبومێك کردۆتەوە و لەلایەکی دیکەوە بۆ کۆرۆی منداڵانیش کە من مامۆستایانم، دوو پرۆژەی کلیپن.











دارین حەدشیتی بۆ گوڵان:

# هیوادارم فێرە زمانی کوردی بم تاکو گۆرانییەک بە کوردی بڵێم

**دارین حەدشـــیتی کچە گۆرانیبێژی لوبنانی، هێمنە لە قسە کردن و بڕوایەکی تەواوی بە هەنگاو وکارەکانی خۆی هەیە و بە پاڵپشتێکی بەهێز و پتەوی دادەنێت بۆ ئەو جەنگەی دژی دەکرێت و گومان دەخەنە سەر تواناکانی، گوڵان لە بەیروت چاوی بە دارین کەوت و ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز کرد.**

*** بۆچـــی بیرۆکەی دۆیتـــو ڕەت دەکەیتەوە لەگەڵ هونەرمەندێك بێت؟**

- نەخێـــر ڕەتم نەکردۆتەوە، بـــەڵام بەدوای ئەو هونەرمەنـــدەدا گەڕاوم کە هەســـت بکەم جۆرە نزیـــك بوونێـــك لەنێوانماندا هەیـــە، هەروەها لێکچوونێکیش لە شێوازی گۆرانی گوتنماندا هەیـــە، بۆیە بـــەم دوایـــە دویتۆیەککم تۆمار کرد لەگەڵ هونەرمەنـــدی ئیماراتی محەمەد مەزروعی کـــە دویتۆیەکـــی زۆر جوانە و لە ناوچەی بیقاعی وێنەمان گرت، ئەوەی ڕاستی بێت بەهیچ شێوەیەك پێشـــبینی ئەم دویتۆیەم نەدەکرد، لەنـــاکاو خاوەنـــی کۆمپانیای نجوم پەیوەندی بـــە کۆمپانیاکەی منەوە کردLEA PRODUCTION» و ئەم بیرۆکەیەی خســـتە ڕوو منیش بینیم کە گۆرانییەکی زۆر ڕۆمانسیە.

*** پێتوانییە ئەمە جۆرێك تۆڵە سەندنەوە بێت؟**

-باس لە چ تۆڵە سەندنەوەیەك دەکەی؟

*** خاوەنـــی کۆمپانیای (نجوم) هاوســـەری پێشـــووی هونەرمەند دیانا حـــەدادە لەوانەیە مەبەســـتی تۆڵە ســـەندنەوە بێت لە دیانا بەم دویتۆیە؟**

-نەخێر وا نییە، پێوانییە خۆی بخاتە مەترسییەوە و زیانێکی زۆری مـــاددی بەر بکەوێت تەنیا بۆ تۆڵە ســـەندنەوە، ئەگەر بـــڕوای بە توانا و هونەر و بەهرەکانـــی من نەبووبێت لە دەرگای منی نەدەدا بۆ ئەم کارە، لەلایەکی دیکەشـــەوە من هیـــچ جۆرە ڕکابەرێتییەکـــم لەگەڵ دیانا حـــەدادا نییە، هەریەکمان خـــاوەن جەماوەر و شـــێوازی تایبەتی خۆیەتی لە گۆرانی گوتن، دیانا چەندین گۆرانی بە شـــێوەزاری کەنداوی گوتـــووە کەچی من زیاتر ئارەزووم لە گۆرانی لوبنانییە.

*** تێبینی دەکرێت کەسانێك هەن تۆیان کردۆتە ئامانج؟**

- نەك ئامانج بە مانا گشتی وشەکە، بەڵکو وا هەســـت دەکەم هەندێك شت هەیە بەپێچەوانەی ڕێڕەوەکـــە بەڕێوە دەچن، دواییینیان وەســـتانی کۆمپانیای ڕۆتانا بوو لە نمایش کردنی گۆرانی (حچورە) کە بەشێوەزاری کەنداوییە هەرچەندە پێشـــتر ڕێکەوتنێك هەبوو لەنێـــوان کۆمپانیای Lea Production» کـــە کارەکانی من رادەپەڕێنـــی لەگەڵ کۆمپانیا ڕۆتانا کە تۆنی ســـەمعان نوێنەرایەتی دەکرد بۆ نمایش کردنی کلیپەکە لەسەر هەموو کەناڵەکانی ڕۆتانا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە دوالی ڕێکەوتنەکە بە ماوەی ٤٨ کاتژمێر وەستێنرا.

*** ئایـــا نارەزایـــی هەبوو لەســـەر هەندێك لە دیمەنەکانی؟**

-ئەگـــەر مەســـەلەکە ئەوە بێت لە ســـەرەتاوە رازی نەدەبوون لەســـەر نمایـــش کردنی، ئەمە جە لەوەی من نامەوێ بەشـــێوەیەکی بێ ڕێز دەرکەوم کە زیـــان بە من و ناوبانگم بگەیەنێت وەك هونەرمەندیك کە عاشقی هونەری ڕەسەنە، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوان دەیدۆڕێنن، چونکە کلیپەکە لە چەند کەناڵێکی دیکە نمایش کرا و بووە مایەی ڕەزامەندی جەماوەر.

***پێتوایە ئەم کارە بۆ کی بگەڕێتەوە؟**

- ئەگەری ئـــەوە هەیە لەبەر ئەوە بێت کە من هونەرمەندێکم عاشقی هونەری ڕەسەنم و رازی



نیم تەنازول بکەم، سوپاس بۆ خوا من سەر بەرزم و کاروانی هونەری من هیچ شتێکی وای تێدا نییە کە مایەی شەرمەزاری بێت بۆ من.

***ئەگەر تەنازولت بکردایە ئێستا ناوبانگێکی زیاترت دەبوو؟**

-سوپاس بۆ خوا ئێستا ناوبانگێکی باشم هەیە لە لوبنان و دەرەوەی لوبنانیش، پێویستە مرۆڤ پەلە نەکات لە هەنگاو نان و پلە بە پلە لە پەیژەکان سەرکەوێت.

*** ئەگەر هەر پەیژەیەك ١٠ساڵی خایاند؟**

- گرنگ ئەوەیە لە کۆتاییدا بگەیت بە ئاواتەکانت ئەگەر چەندین ساڵیش بخایەنێت، هەنگاوەکانم خێرا و بەهێزن.

***پێتوایە گۆرانییە هونەرمەند دەکات بە ئەستێرە؟**

-لەم رۆژگارەدا ئەمەیان روودەدا، واتە گۆرانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەند زیاتر دەرکەوێت و ناوبانگ دەربکات بێ ئەوەی جەماوەر بگەڕێتەوە بۆ باکگراوەند و رەسیدی هونەری ئەم هونەرمەندە.

*** هەست بە چی دەکەی کە ئەم دیمانەیە لەگەڵ گۆڤارێکی کوردی ئەنجام دەدەی؟**

- هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم، چونکە ئەمە یەکەم جارە دیمانە لەگەڵ گۆڤارێکی کوردی ئەنجام دەدەم، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هونەری من توانیویەتی بچێتە هەموو ماڵێك و نێو دڵی هەموو گوێگرێك.

*** ئەمە هانت نادات کە بیر لە کارێکی هاوبەش بکەیتەوە لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد؟**

- پێویست ناکات کارەکە هاوبەش بێت لەگەڵ هونەرمەندێکی کوردی، من ئامادەم خۆم فێرە زمانی کوردی بکەم و گۆرانییەکی تایبەت پێشکەش بە هەموو گەلی کورد بکەم لە هەر شوێنێکی جیهان بێت.

*** بەڕای تۆ بۆچی ئێستا جوانی یەکێکە لە پێداویستیەکان هونەرمەندە ئافرەتەکان؟**

- جوانی بریتییە لە جوانی رۆح، ئەوەی رۆحی جوان ئێسك سوك بێت رەنگدانەوەی لەسەر دەرکەوتنیشی دەبێت و دەبێتە هۆی زیادبوونی بنکەی جەماوەری و هەوادارانی.

*** خۆت بە هونەرمەندێکی جوان دادەنێی؟**

- هەموو ئافرەتێك جوانە، هەروەها هەر ئافرەتێك تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە کەسانی تری جیا دەکاتەوە، ئاساییە ئەگەر ئافرەت هەست بەوە بکات خاوەن جوانییە و ئەمە یەکێکە لە پاڵپشتیە مەعنەوی و دەروونییەکانی ئافرەت ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئیعتیراف کردنی ئافرەت بە جوانییەکەی خۆی جۆرێکە لە بڕوا بە خۆ بوون و بەشێکە لە مێینەتی خۆی.

***چ شتێك لە پیاو زیاتر سەرنجت رادەکێشێت؟**

- (بە پێکەنینەوە) بێگومان پیاوەتییەکەی.

*** ئەی چ سیفەتێکی پیاو هەیە خۆتی لێ دووربخەیتەوە؟**

- هیچ مرۆڤێك کامڵ نییە لە ژیان، بەڵام هیوادارم کەسێك بدۆزمەوە چاکەکانی لایەنە خراپەکەی بشارنەوە.

*** دەڵێی (هیوادارم) واتە تا ئێستا شاسواری خەونەکانت نەدۆزیوەتەوە؟**

-( بە پێکەنینەوە) کێ لە ئێمە دەتوانێت بەبێ ئەو بڵێسەیە بژیت کە ئاگر لە دڵ بەر دەدات؟

***چ پەیامێکت هەیە بۆ گەلی کورد؟**

- هیوادارم لە خێر و خۆشیدا بژیت و سەربەخۆیی وەربگرێت و ببێ بە خاوەن دەوڵەتی خۆی.

## (هاوتا ئەسعەد)

# بەشداری لە زنجیرە درامای «رەیحانە» دەکات!!

هونەرمەند (هاوتا ئەسعەد) بە تۆمارکردنی گۆرانی تایتل و چەند تراکێکی دیکە، کە پێکهاتوون لە (حەیران، لاوك، مەقام) بۆ زنجیرە درامای «رەیحانە» بە بەشداریی کۆمەڵێك لە موزیکژەنانی شاری هەولێر ئامادەو تۆماری کردووە، کە بریتییە لە (٧) تراك و ئەلبومێکی تایبەت بە گۆرانی و موزیك بۆ ئەو درامایە ئامادەکراوە.

لە لێدوانێکی دا بۆ «گوڵان» هونەرمەند (هاوتا ئەسعەد) وتی: دوای ئەوەی لەلایەن هونەرمەند (لوقمان غەریب) پێوەندیم پێوە کراو بەیەکەوە لە نزیکەوە چەند دانیشتنێکمان ئەنجامدا، لەسەر ئەوە رێك کەوتین، من کاری ئامادەکردنی گۆرانی تایتل و چەند برگەیەکی دیکە بۆ زنجیرە درامای «رەیحانە» ئەنجام بدەم».

وتیشی «ئەو درامایە لەناوەرۆکی سیناریۆکەی وادیار بوو بەشێوازێکی زۆر چاك ئامادەکاری لەرووی هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان و ناوەرۆکی بابەتەکانی ناو دراماکە و کاری دەرهێنانی بەشێوازێکی چاك بۆ کرابوو، بۆیە هەستم کرد ئەرکی ئاسان نییە ئامادەکاری چەند تراکێکی گۆرانی بۆ ناو دراماکە».

هاوتا هەروەها وتیشی: دوای ئەوەی دەقی سیناریۆکەم خوێندەوە، هەروەها لە نزیکەوە (لوقمان غەریب) ی دەرهێنەر بۆی شیکردمەوە، کە دەیەوێ لەو زنجیرە درامایەدا رۆحیەتی مۆسیقا و هەندێك شێوازی مەقام و گۆرانی بکاتە بەشێکی گرنگی دراماکەی، بەتایبەتی (لاوك و حەیران) کە دوو شێوازی زۆر جوان و رەسەنن لە نێو گۆرانی کوردیی دا.

هاوتا ئەسعەد روونیشی کردەوە و زیاتر وتی: سەرجەم ئەو گۆرانی و مەقام و لاوك حەیرانەی کە تۆمارم کردوون، هەر هەموویان تایبەتن بە زنجیرە درامای «رەیحانە»و پێشتر لە هیچ شوێنێکی دیکە نەم وتووە، هەر لەرووی ئاواز و تێکستەکانەوە تا دەگاتە کاری دابەشکردنی موزیك و هەمووی تایبەت بەو درامایە تۆمار کراون.

لە کۆتایی دا هاوتا وتی: پێموایە زنجیرە درامای رەیحانە بەشێوازێکی زۆر ئەکادیمیانەو سەردەمیانە کاری بۆ کراوە، دەبێتە قۆناغێك و بابەتێکی تازە لە درامای کوردی، بەتایبەتی ئەو ژمارە زۆرە لە هونەرمەندە بە ئەزموونەکانی شاری سلێمانی کە بەشداریان تێدا کردووە، ئەوە نیشانەی سەرکەوتنی کارەکە دەردەخات.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە زنجیرە درامای «رەیحانە» کاری وێنەگرتنی تەواو بووەو ئێستاکە لە قۆناغی مۆنتاژ کردن دایە، رەنگە لە مانگی رەمەزانی داهاتوو پەخش و بڵاو بکرێتەوە.



## شاناز:

خاتو شاناز تا ئێستا بەشداری چەندین کاری دراما و شانۆی کردووە و زۆر بە سەرکەوتوویی رۆڵەکانی بەرجەستەکردووە، لە پێوەندییەکدا سەبارەت بە دوایین کاری هونەری خۆی خاتوو شاناز وتی: بەم دواییە بەشداریم لە دیداری (گوڵەمێخەك)دا کرد بە مۆنۆدرامای ( من و تۆ ) کە لەنواندن و دەرهێنانی خۆم بوو، هەروەها بەشداریم کردووە لە درامای (رەیحانە) رۆڵی من هەموو وێنەگیراوە و ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە، سەبارەت بە رۆڵی خۆی لە زنجیرەی (رەیحانە)



## مەهاباد:

## تا ئێستا بە رەسمی بۆ کوردستان بانگهێشت نەکراوم

خانمە هونەرمەند مەهاباد لە پێوەندیەکی لەگەڵ گوڵان وتی: دەمێکە گۆرانی دەڵێم و خزمەت بە هونەری کوردی دەکەم، بەڵام تا ئێستا ئەرکی هەموو بەرهەمەکانم لە خەرجی تایبەتی خۆم بووە بۆیە لەمەودوا ئامادە نیم خۆم بکوژم و چیتر خۆم بۆ هونەر هیلاك و ماندو بکەم، هەر کاتێك پارەم هەبوو، ئەوا بەبێ دوو دڵی کلیپ و بەرهەمی نوێ پێشکەش دەکەم، خاتوو مەهاباد هەروەها وتی: من یەکێك بووم لەو گۆرانیبێژانەی لەساڵی ١٩٨١ لەدوای عایشە شان و مریەم خان گۆرانیم وت، بەڵام تا ئێستا لە کوردستان بە رەسمی تەنانەت بۆ کۆنسێرتێکیش بانگێهشت نەکراوم و رێزم لێنەگیراوە، بۆیە دەڵێم ئەگەر منیش وەك هەندێك لە کچە هونەرمەندەکان خۆم نمایش کردبا، ئەوا زۆر رێزم لێدەگیرا و هەموو هەفتەیەك لە کوردستان دەبووم، سەبارەت بە ئافرەتی کوردیش دەڵێ: بەداخەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت ئافرەتی کورد وەك پێویست رێزی لێنەگیراوە و تا ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان ئەو رێزەی نییە کە شایستەی بێت، هیوادارم ئافرەتی کوردی پێگەی شایەنی خۆی هەبێت لە کۆمەڵگەدا.

# بەشداری لە کارێکی پەروەردەییدا دەکات



خاتو شاناز وتی: رۆڵی دایکی (رەیحانە) دەبینم و بە رۆڵێکی ئیجابی و سەرکەوتووی دەزانم، کێشەکانی ئەم زنجیرەیە زیاتر کێشەی کۆمەڵایەتیی شاری سلێمانین و بۆ ساڵانی چل و پەنجاکان دەگەڕێنەوە، جوانترین شت لەو درامایە کە سەرنجی راکێشابم کەلتوور و جلوبەرگی کوردی بوو کە بۆ یەکەم جارە من بەو جلوبەرگانەوە رۆڵ دەبینم، کارێکی زۆر باشە کە بتوانین مێژوو و دەستووری کورد بەم شێوەیە زیندوو بکەینەوە لە جلوبەرگ و تەنانەت دیکۆری ناو ماڵیش کە چۆن بووە، بە رای من تا ئێستا بەم شێوەیە کاری هونەری نەکراوە و خۆیشم یەکەم جارە بەشداری لە کارێکی لەو جۆرەدا دەکەم.

سەبارەت بە کاری داهاتوویشی خاتو شاناز وتی: چەند کارێکم لە پێشە، بەڵام هێشتا تەنیا قسەیە و لەگەڵ دەرهێنەرەکان دانیشتووین، یەکێك لەم کارانە درامایەکی پەروەردەییە کە زۆر پێمخۆشە بەشداری تێدا بکەم، چونکە زیاتر باسی منداڵانی بێ سەرپەرشتیار و ئەوانەی دایك و باوکیان لە دەرەوە کار دەکەن.

# فیفی عەبدە ئیرەیی بە جوانی لوبنانییەکان دەبات

لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئەکتەر و سەماکاری میسری فیفی عەبدە باسی لەوە کرد کەوا دەمێکە خەریکی دابەزاندنی کێشی لەشیەتی و بەرنامەیەکی چڕو پڕ پەیڕەو دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا تووشی خەمۆکی بوو و تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە کە خۆی بکوژێت.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا فیفی عەبدە ئیعتیرافی بەوە کرد کە ئیرەیی بە جوانی کچە لوبنانییەکان دەبات و وتی لوبنانییەکان دەزانن چۆن و بە چ شێوەیەك گرنگی بەخۆیان بدەن، هەرچەندە بۆ خۆیان خاوەن جوانییەکی سروشتین.





# ئەلیسا لە پێشەوەی نانسییە

لە نوێترین راپرسیدا کە لە فەیسبووکدا ئەنجامدرا دەربارەی هەستیارترین گۆرانیبێژ، رکابەرییەکە توند بوو لە نێوان هەر یەکە لە ئەلیسا و نانسی عەجرەم.


بەڵام لە کۆتاییدا ئەلیسا توانی لە پێش هەریەکە لە هەیفا وەهبی و نانسی عەجرەمدا بێت و ریزبەندییەکە بەو شێوەیە بوو: ئەلیسا، نانسی، سیرین عەبدلنور، هەیفا، نەجوا کەرەم، کارول سەماحە، نەوال زوغبی، بەپێی چەند کەسێکی شارەزا ئەنجامەکە مەنتیقی بوو، چونکە ئەلیسا بەوە ناسراوە کە زۆر هەستیارە و ئەمەش بە روونی لە گۆرانییەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

ئا: بەهرە سدیق

هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم بۆ گوڵان:

# جورئەتی ئەوەم نەبووە کە بە ئافرەت بڵێم خۆشم دەوێی

هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم نزیکەی چل ساڵە جێی پەنجەی دیارە لەناو هونەری کوردی و توانیویەتی زۆر بە لێهاتوویی و سەرکەوتوویی لەبواری کۆمیدیاوە کە یەکێکە لەو بوارانەی زۆر زەحمەتە لەهونەر و هەموو کەس ناتوانێ کاری تێدا بکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەسێکی ڕۆح سوك و قسە خۆشە و لەنێو خەڵکدا زۆر خۆشەویستە، لەسەردانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ساز کرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



*** تێبینی دەكرێ تۆ هەمیشە گلەییت هەیە، هۆكاری ئەو گلەییانە چییە؟**

- گلەیی من بۆ ئەوەیە كاری هونەری بەپاكی بچێتە سەر، بۆ ئەوە نییە كە بازرگانی بەو گلەییانە بكەم، رەخنەكانی منیش هەمووی بۆ پێكهێنانی هونەری كوردییە نەك بۆ تێكدانی هونەری كوردی، بۆ ئەوەیە هونەری كوردی بەرەو پێش بچێت، ئەوەش بە مافێكی خۆم دەزانم بەهۆی ئەو خزمەتە زۆرەی كە هەمە، بۆ من وەك راپەرینە ببینم هونەری كوردی بەرەو پێش دەچێت.

***تۆ هونەرمەندێكی خاوەن ئەزموونی كارۆخیش گەنجە چ جیاوازی و لێكچوونێك هەیە لەنێوان هونەرمەندانی كۆن و ئێستادا؟**

- هونەرمەندانی كۆن پێشەنگ بوون و ئەوان بناغەیان داناوە بۆ شانۆ و هونەری كوردی، پێشی راپەرین ئەو هونەرە بە هونەرێكی رەسەن دادەنرا، لەبەر ئەوەی هونەرێك بوو بازرگانی تێدا نەدەكرا و خۆشەویستی و تەبایی تێدابوو، حزبایەتی تەسكی تێدانەبوو بۆ میللەتی خۆمان بوو بۆ باغەڵ نەبوو، بەڵام بەداخەوە لەدوای راپەرین بوو بەسیاسەت و بازرگانی.

***جگە لەرۆڵی هەزلی و كۆمیدی توانای بەرجەستەكردنی رۆڵی دیكەشت هەیە؟**

-بەڵێ توانام هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرهێنەرەكان زیاتر بەمن سەرسامن لەبواری كۆمیدیاوە، چونكە ئەوە كارێكی ئاسان نییە و زۆر زەحمەتە، كارێكە پێویستە زۆر لێی ئاگاداربی بەجۆرێك ئەگەر لەكۆمیدیا دەرچووی دەبیت بە موهەریج، بۆیە كاتێك ئەو دەورانە وەردەگرم زۆر خۆمیان بۆ ماندوو دەكەم و شەونخونیان بۆ دەكەم و كاتێك دەرهێنەر و نووسەر شتێك دەنووسن دەڵێن ئەوە بۆ ئیبراهیمیە.

*** بۆچی زۆر رۆڵی پیاوی شێت دەبینی (سەیدە وەك نموونە)؟**

- ئەوەی راستی بێت دەوری شێت زۆر زەحمەتە، بۆ نموونە من ئێستا دانیشتووم و لەپڕێكدا بەشێوەیەكی تر بێمە ژوورەوە و دەست بەقسەی سەیر سەیر بكەم و ببم بە مرۆڤێكی تر، لەبەر ئەوە ئەو هونەرمەندانەی كە ئەو دەورە دەبینن پێویستە بەتەواوی لەقالبی كەسایەتی خۆیان بێنە دەر كە ئاقڵن و ببن بە مرۆڤێكی شێت و گێل، بۆیە بەهەموو هونەرمەندان ناكرێت.

***لەدیمانەیەكی تەلەفزیۆنیدا فرمێسك لەچاوەكانت دەهاتنە خوارێ هۆكارەكەی چی بوو؟**

- هەر هونەرمەندێك ئەگەر فرمێسك لەچاوەكانی نەیەتە خوارێ و لەگەڵ ئێش و ئازارەكانی میللەتی خۆی نەبێت، بە هونەرمەند حیساب ناكرێ، چونكە ئەو فرمێسكە لەناخی ئینسان و جەرگ و دڵ دێتە دەرێ و ئەوە فرمێسكی دروستكراو نییە بە لەچاو كردنی قەترە، ئەوە فرمێسكی خۆشەویستی و ئێش و ئازارە، چونكە چەكی هونەرمەند یان قەڵەمە یان فرمێسكە، چونكە حەز بەكوشتن و ناخۆشی و شەڕ ناكات، بۆیە ئینسانی رووناكبیر زوو دەگری.

***بۆچی هەر لەسەرەتاوە لەكۆمیدیا نزیك بووی ئەگەر چی كۆمیدیا زۆر قورسیشە؟**

-راستە زۆر قورسە، بەڵام من توانیم بەسەری دا زاڵ بم، ئەوەش بەهرەیەكی خوداییە و خودا پێی داوم.

***چ پێوەرێكت هەیە بۆ جیاكردنەوەی كاری باش و خراپ؟**

-ئەو كارانەی ئێستا دەیان بینم كاری بازرگانین، كاری بازرگانیش ناچێتە قاڵبی هونەری كوردی و داهێنان، چونكە مەسەلەی بازرگانی زۆر ترسناكە لەناو هونەری كوردی و سیاسەت و بەرەو هەڵدێریان دەبات، بۆنموونە من پارە لەحكومەت وەربگرم بۆكارێك و لەباغەڵی خۆم دایبنێم، ئەوا جارێكی تر خەڵكەكە نایە بۆ سەیركردنی شانۆ و هونەری كوردی.

*** دوای چل ساڵ كاركردن هەست دەكەیت چیت بۆ میللەتەكەت كردووە؟**

-كە لەناو بازاڕو شاردا دەڕۆم یان كاتێك كە چووم بۆ كوردستانی ئێران هەستم كرد شتێكم كردووە بۆ میللەتەكەم، شەرت نییە قەسرەك یان سەیارەم بۆ خێزانەكەم كڕی بێ، شەرت ئەوەیە كاتێك كە دەچم بۆ ناو بازاڕ یان هەر شوێنێك خەڵك دەست خۆشیم لێ دەكا و وێنەم لەگەڵ دەگرن، ئەوە سەروەت و سامانە بۆ من، بەڵام چەندەها دەوڵەمەند هەیە كە دەچێتە ناو خەڵك بەچاوێكی سووك سەیر دەكرێ، چونكە بازرگانی بە هونەر و سیاسەت كردووە.

***لەمنداڵی كەسێكی چۆن بووی؟**

-وەك باوكم دەگێڕێتەوە دەڵێت «كەسێكی شەیتان و شەڕاوی بووی»، بەڵام بەهەمان شێوە دەست وەشێن نەبوومە، كەمێك ترسنۆكیش بوومە.

***جگە لەدایكی كارۆخ چەند جار خۆشەویستیت كردووە؟**

-خۆشەویستیم كردووە، بەڵام فەشەلم تێداهێناوە و جورئەتی ئەوەم نەبووە كە بە ئافرەت بڵێم خۆشم دەوێی، چونكە رێزێكی تایبەتیان هەیە لەلام، لەوەش ترساوم كەرەفز وەربگرم زۆر كاریگەری دەبێ لەسەرم، بەڵام لەكۆتاییدا دەسكەگوڵی خۆم لێدا و دایكی كارۆخ دەرچوو، ئەویش زۆر بەرێزە لەلام و لەهەموو ناخۆشیەكان لەگەڵم بووەو یارمەتیدەرم بووە.

***هەستت بەچی كرد كە گوڵان هەڵسەنگاندنێكی بۆ خەبات و كارە هونەریەكانت ئەنجامداوە؟**

-كاتێك بینیم گریان و پێكەنینم تێكەڵ بوو لەبەر ئەوەی زۆر لەو كەڵە هونەرمەندانەی كە من شانازیان پێوە دەكەم زۆر بە پاكی باسیان لەمێژووی هونەری و مێژووی خەباتی من كردووە، زۆر دڵ خۆش بووم لەبەر ئەوەی جوانترین مەدالیا بوو گوڵان بەملی منی هەڵواسی.

*** ئەوەی ئێمە دەیبینین و دەیبیستین لەناو میدیاكانی كوردی هەست دەكەین كە تۆ بەر لەوەی هونەرمەند بی پێشمەرگایەتیت كردووە، ئەگەر بۆمان باس بكەی؟**

- لەساڵی ١٩٦٩ پێشمەرگە بووم لەلای موقەدەم عەزیزی ئاكرەیی لەهیران و نازەنین بەریدم دەبرد بۆ مەكتەبی عەسكەری لەنێوان بابەكراوە، بارزانی نەمرم بینی كەبانگی كردین وتی من ئەوە پێشمەرگانەم زۆر خۆش دەوێن كە نوێژ دەكەن، چونكە نوێژ ئەخلاق و جوانی تێدایە و ئەوكات ٥دیناری پێدام ئەو ٥دینارە لام بەقەد هەموو قەسری ئەوەی ئێستا هەیە هەمووی بەقوربانی ئەو پارەیە بن.

*** لەدیمانەیەكی تەلەفزیۆنیدا باسی ئەوەت كرد كە بارزانی نەمرتان بینیوە كە بینیت هەستت بەچی كرد؟**

-هەموو لەشم تەزی، چونكە بینینی ئەو وەك ئەوە وایە كە شێرێك ببینی، ئەو ئینسانێكی عادل بووە و چاكسازی و پاكسازی لەناو ماڵی خۆیەوە دەستپێكردووە لەبەر ئەوە كورد تا مردن قەرداری بارزانییە

***هەولێر لەلای تۆ چ دەگەیەنێ؟**

-هەولێر لەلای من لەهەموو شوێنێك خۆشترە، چونكە هەولێر هەولێری روحمە هەولێری بەزەییە، هەموو كەس دەتوانێ تێیدا بژی. لەبەر ئەوەی ئەو كەسەی دێتە ناو هەولێرێ هەست بە غەریبی ناكات، دەبێ سوپاسی ئەو كەسانەش بكەین كەهەولێریان بەو شێوەیە چاك كردووە و سوپاسی كاك نەوزاد هادیش دەكەین كە جێی دەستی دیارە لەبەرەو پێشبردنی هەولێر.

